# پیاسەیەک بە فەرامۆشیدا



ئۆ هێنری
لە ئینگلیزییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی
(کەنەدا)

ئەوێ بەیانی لەگەڵ ژنەکەم ماڵاواییمان لە یەکدی کرد. لە سەر چایەکەی هەستا و تا بەر دەرگای بەڕێ کردم. هەموو ڕۆژێ وا دەکا. مووەکی لە چاکەتەکەم کردەوە کە نەدەبوو بەوێوە بووایە، ئەوجا پێی گوتم ئاگاداری خۆت بە. هەمیشە وا دەکا. دەرگاکەم پێوە دا و ئەویش گەڕایەوە سەر چایەکەی.

من پارێزەرێکم و هەموو ڕۆژێ کار دەکەم. دوکتۆر ڤۆلنیی برادەرم پێی گوتم نابێ هێندە خۆت ماندوو بکەی. گوتی ئاوا بکەی، نەخۆش دەکەوی. زۆربەی ئەوانەی خۆیان زۆر شەکەت دەکەن، کتوپڕ وایان لێ دێ ئیدی خۆیان ناناسنەوە، ئیدی هیچ شتێکیان لەبیر نامێنێ. بەو نەخۆشییە دەڵێن لەبیرچوونەوە. تۆ پێویستت بە گۆڕانکاری و پشوویەک هەیە.

گوتم دەی خۆ من پشوو دەدەم. شەوانی پێنجشەممە لەگەڵ ژنەکەم یاریی کۆنکەن دەکەین و یەکشەممانیش ئەو، ئەو نامانەم بۆ دەخوێنێتەوە کە حەفتانە دایکی بۆی دەنووسێ.

ئەوێ بەیانی کە بەرەو کار وەڕێ کەوتم، قسەکانی دوکتۆر ڤۆلنییم بیر کەوتنەوە. دەی خۆ من هەست دەکەم زۆر باشم و لەگەڵ ژنەکەشم زۆر دڵخۆشم.

کە لە خەو هەستام، لە میترۆدا بووم و پێم ناخۆش بوو وا زۆر خەوتووم. لەسەر کورسییەکەم پاڵم دایەوە و بیر و خەیاڵ هەڵیگرتم. پاش تاوێکی زۆر، گوتم باشە خۆ من دەبێ ناوێکم هەبێ. سەیری گیرفانەکانم کرد، نە نامەیەک ئاخر نە کاغەزێک، هەر هیچ شتێکم پێ نەبوو ناوی خۆمی لەسەر بێ، بەڵام سەیرم کرد سێ هەزار دۆلارم پێیە. گوتم دەی خۆ من دەبێ کەسێک

بم.

میترۆکە پڕ بوو لەو پیاوانەی زۆر خۆمانە و دلۆڤان بوون. یەکێکیان هات و لە تەنیشتم دانیشت.

سڵاو، من ناوم ئاڕپی بۆڵدێرە. بۆڵدەر و کوڕ، خەڵکی میسۆری. ئەوە تۆش دەچی بۆ کۆبوونەوەکەی نیویۆرک؟ ناوت چییە؟

ناچار بووم وەڵامی بدەمەوە، ئیتر بە پەلەپەل گوتم: ئێدوارد ئینکهارمەر. خەڵکی کۆنۆپۆلیسی کانزاس.

کابرا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک بوو، بەڵام هەرچەند دەقەیەک سەری لەسەر هەڵدەبڕی و منی دەدواند. لە قسەکردنییەوە تێگەیشتم کە دەرمانسازە و پێی وابوو منیش وەک خۆی دەرمانسازم.

لێم پرسی: «ئەرێ ئەو پیاوانە هەر هەموویان دەرمانسازن»؟

گوتی بەڵێ هەر هەموویان، وەک خۆمان. هەر هەمووشیان دەچن بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەی نیویۆرک.

تاوێک دواتر، ڕۆژنامەکەی بۆ ڕاداشتم و گوتی: «تۆ سەیری ئەوە، ئەوەتا یەکێکی دیکەش لەو پیاوانە کە ڕا دەکا و دەڵێ خۆی وەبیر نایەتەوە. پیاوێک کە لە کارەکەی و بنەماڵەکەی بێزار بووە و دەیەوێ کات و ساتێکی ئاسوودەی هەبێ. سەری خۆی هەڵگرتووە و دەڕوا و ئەگەر دۆزیشیانەوە، دەڵێ نازانێ خۆی کێیە، ئەوجا هیچ شتێکیشی بیر نایەتەوە.

پەڕێکم هەڵداوە و ئەوەم لێ خوێندەوە:

دێنڤێر، ١٢ی جوون.

ئێلوین سی بێلفۆرد، پارێزەرێکی زۆر گرینگی شارەکە، سێ ڕۆژە لە ماڵ وەدەر کەوتووە و نەگەڕاوەتەوە. پێش ئەوەی بڕوات، پارەیەکی زۆری هەڵگرت، تا ئێستا کەس نەیدیتووە. پیاوێکی بێدەنگە و کارەکەی خۆی زۆر پێ خۆشە و زۆریش لە ژیانی هاوبەشی ڕازییە، بەڵام بەڕێز بێلفۆرد زۆری کار دەکرد و ڕێی تێ دەچێ بەو هۆیەوە تووشی لەبیرچوونەوە بووبێت.

گوتم، بەڵام بەڕێز بۆڵدێر، هێندێ جار خەڵک بە ڕاستی لەبیریان دەچێتەوە کێن.

بەڕێز بۆڵدێر گوتی: کوڕە دە واز بێنە بێن، بۆ خۆشت دەزانی شتی وا نییە. ئەو پیاوانە بەس حەزیان لە شتی خۆشتر و ژنی دیکە و دەکرێ بڵێین تاقیکردنەوەی شتی جۆراوجۆرە.

بەرەبەری سەعات دەی شەوێ گەیشتینە نیویۆرک. من تەکسییەکم گرت بۆ هوتێل و لە دەفتەرۆکەی هوتێلدا ناوی خۆمم بە ئێدوارد پینکهامەڕ نووسی. کتوپڕ هەستم بە ئازادی و دڵخۆشی کرد. من ئازاد و ڕزگار بووم. پیاوێکی بەبێ ناو دەتوانێ هەموو شتێک بکا.

پیاوێکی گەنج لە پشتەوەی مێزێک لە هوتێلەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. من هیچ جانتا و مانتام پێ نەبوو.

گوتم من بۆ کۆبوونەوەی دەرمانسازەکان هاتوومەتە ئێرە، جانتاکەمم لێ بزر بووە. هێندێ پارەم دەرهێنا و دامە کابرای.

بۆ سبەینێکەی چووم جانتایەک و هێندێ جلوبەرگم کڕی و بە ناوی ئێدوارد پینکهامەڕەوە ژیانم دەست پێ کرد. هیچ هەوڵم نەدا وەبیرم بێتەوە کێ بووم و چی بووم.

چەند ڕۆژێک دواتری لە مەنهەتان سەرم لە شانۆ و باخی گشتی و میوزیک و ڕێستۆرانتەکان و ڕابواردنی شەوانە و کچە جوانەکانی سوڕما، ئەوجا لەو ماوەیەدا فێری زۆر شتی گرینگ بووم. ئەگەر ویستت بەکەیف و شاد بی، دەبێ ئازاد بی.

هێندێ جاران چوومە ڕێستۆرانتە بێدەنگ و

گران و بێ میوزیکەکان. جاری وا بوو دەچوومە سەر ڕووبار و سواری گەمییەک دەبووم پڕ لە کوڕی گەنج و دۆستە کچەکانیان کە قریوەیان دەچووە ئاسمان، جا ئەوجار شەقامی چراخانی برادوەی بە شانۆکانییەوە.

ئێوارەیەک گەڕامەوە هوتێلەکەم، لەو دەمەدا پیاوێکی قەڵەو لە بەردەمم قوت بووەوە.

بە دەنگی بەرز گوتی ئەی سڵاو بێڵفۆرد. ئەوە لێرە چ دەکەی لە نیویۆرک؟ ئەی خاتوو بێڵفۆردیشت لەگەڵە؟

گوتم کاکە ببوورە، بە هەڵە چووی. من ناوم پینکهامەڕە، تکایە لێم ببوورە.

کابرا بە سەرسوڕمانەوە کشایەوە و من بەرەو مێزەکە چووم. لە پشتەوەمڕا کابرا بە تەلەفۆن هێندێ شتی گوتن.

بە کابرای پشت مێزەکەم گوت: «پاکانە حیسابێکم بۆ بکە و نیو سەعاتی دی جانتاکەمم بۆ بێنە خوارێ».

ئەوێ دوانیوەڕۆ گواستمەوە بۆ هوتێلێکی بچووک و بێدەنگی دی لە شەقامی پازدە.

ئێوارەیەک، لە یەکێک لەو ڕێستۆرانتانەی بڕادوەی کە دڵخوازی خۆم بوو، خەریک بووم دەچوومە سەر مێزەکەی خۆم کە یەکێک قۆڵی گرتم و بە دەنگێکی ناسک و خۆش گوتی:

بەڕێز بێڵفۆرد

کە ئاوڕم داوە، ژنێکم دی بە تەنێ دانیشتووە، ژنێک تەمەنی سی ساڵان دەبوو و چاوەکانی لە ڕادەبەدەر جوان بوون.

گوتی: کوڕە ئەوە چۆن ئاوا وەک نەناسێک بە لامدا تێدەپەڕی؟

لەسەر مێزەکەی دانیشتم، پرچی ڕەنگێکی ئاڵتوونیی مەیلەوسووری زۆر جوانی هەبوو.

پرسیم: تۆ دڵنیای من دەناسی؟

بزەی هاتێ و گوتی، نەخێر. من قەتم نەناسیوی.

گوتم ئاخر من ناوم ئێدوارد پینکهامەڕە و خەڵکی کانزاسم.

گوتی: یانی خاتوو بێڵفۆردیشت لەگەڵ خۆت نەهێناوە؟

ئەوجا پێکەنی.

کوڕە ئێلوین، پازدە ساڵ لەوەپێش چۆنم دیوی، بە موو نەگۆڕاوی.

چاوە دڵبزوێنەکانی ورد ورد بڕیبووە ڕوخسارم.

خێرا گوتی: نەخێر، لەبیرت نەچووەتەوە. خۆ پێم گوتی، ببڕای ببڕ لەبیرت ناچێتەوە.

گوتم زۆر داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئەوە زۆر قۆڕە. من لە بیرم نەماوە، من هەموو شتێکم لەبیر چووەتەوە.

پێکەنی و گوتی: دەتزانی شەش مانگ پاش ژنهێنانی تۆ، منیش مێردم کرد؟ خۆ هەموو ڕۆژنامەکان نووسییان.

ساتێک بێدەنگ بوو، ئەوجا سەری هەڵبڕی و سەیری کردمەوە.

گوتی: یەک شتم پێ بڵێ ئێلوین، پاش ئەوێ شەوەکەی پازدە ساڵ لەوەپێش، قەت بووە دەست بە گوڵەڕۆزی سپیدا بێنی و بۆنی پێوە بکەی، یان سەیری بکەی و منت بیر نەکەوتبێتەوە؟

بە وریاییەوە گوتم هەر دەتوانم بڵێم من هیچ شتێکی وام لە بیر نییە، زۆر بەداخەوەم.

هەوڵم دا ڕووی لێ وەرگێڕم.

پێکەنی و هەستا بڕوات، ئەوجا دەستی بۆ ڕاداشتم و چرکەیەک ڕایگرت.

بە بزەیەکی شیرین و ناڕەحەتەوە گوتی: ئێ بەڵێ بەڵێ لەبیرتە. ماڵاوا ئێلوین بێڵفۆرد.

ئەوێ شەوێ چوومە شانۆ و لە گەڕانەوەمدا بۆ هوتێل، کابرایەک بە جلوبەرگێکی تۆخەوە لەوێ چاوەڕێم بوو.

بانگی کردم: بەڕێز پیکنهایمەڕ، دەکرێ چەند

دەقەیەک کاتت بگرم؟ فەرمووو بۆ ئەم ژوورە.

بە دوویدا چوومە ژوورێکی بچووک. ژن و پیاوێک لەوێ بوون. ژنە هێشتا جەوان بوو، بەڵام خەمێک لە ڕوخساری نیشتبوو و شەکەت دیار بوو، هەموو شتێکیم بە دڵ بوو. پیاوەکەش کە تەمەنی چل ساڵان بوو، هاتە لام.

گوتی بێڵفۆرد، زۆر خۆشحاڵم چاوم پێت کەوتەوە. خۆ پێم گوتی تۆ زۆر خۆت شەکەت نەکەی، ئێستاش دەتوانی لەگەڵمان بێیەوە. زۆری پێ ناچێ چاک چاک دەبییەوە.

گوتم خۆ من ناوم ئێدوارد پینکهامەڕە، من پێشتر قەت ئێوەم نەدیتووە.

ژنە بە دەنگی بەرز گوتی: ئەیەڕۆ ئێلوین، ئێلوین، کوڕە من ژنەکەتم، ئیدی باوەشی پێدا کردم، بەڵام من پاڵێکم پێوە نا.

ژنە بە دەنگی گریانەوە گوتی: ئەیەڕۆ دوکتۆر ڤێلنێی، ئەوە چیی بەسەر هاتووە؟

دوکتۆر پێی گوت، تۆ بچۆوە ژوورەکەت، هەر زۆر زوو چاک دەبێتەوە.

ژنە ڕۆیشت و چیی پیاوە جل تۆخەکە پێی گوتبوو، وای کرد. کابرا کە دوکتۆر بوو، هاتەوە لای من و لەسەرخۆ گوتی: گوێ بگرە، تۆ ناوت ئێدوارد پێنکهامەڕ نییە.

گوتم خۆ دەزانم، بەڵام دەی دەبێ ناوێکم هەر هەبێ ئیدی، ئەوجا بۆچی پینکهامەڕ نەبێ؟

دوکتۆر گوتی: ناوی تۆ ئێدوارد بێلفۆردە. تۆ یەکێکی لە پارێزەرە هەرە باشەکانی دێنڤێر و ئەو ژنەش، خێزانتە.

تاوێک ڕاوەستام و گوتم: ژنێکی زۆر نازدارە، ڕەنگی پرچیم زۆر پێ جوانە.

دوکتۆر گوتی: کوڕە کەس ژنی وا باشی نییە. وەختێک دوو حەفتە لەوەپێش بەجێت هێشت، هەر خوا بزانێ چەندی خەفەت خوارد، ئیدی وا بوو کابرایەک کە دیارە لێرە لە هوتێلێک تۆی دیتبوو، تەلەفۆنی بۆ کردین.

گوتم: پێم وایە ئەو کابرایەم لەبیرە. بانگی کردم بێلفۆرد. ئەرێ بمبوورە، ئەدی تۆ کێی؟

«کوڕە من بۆبی ڤۆڵنێیم، بیست ساڵە من و تۆ هاوڕێین و پازدە ساڵیشە دوکتۆری تۆم. ئێلوین، هەوڵ بدە وەبیرت بێتەوە.

گوتم تۆ دەڵێی، ئەتۆ دوکتۆری، باشە من چۆن چاک دەبمەوە؟ پێت وایە نەخۆشیی بیرچوونەوە کتوپڕ چاک دەبێتەوە، یان وردە وردە؟

جاری وایە وردە وردە، جاری واشە کتوپڕ.

پرسیم: ئەدی یارمەیتم دەدەی چاک ببمەوە دوکتۆر ڤۆلێنی؟

گوتی: کوڕە کۆنە هاوڕێ، من هەرچیم لە دەست بێ دەیکەم.

هەر زۆر باشە، مادام تۆ دوکتۆری منی، تۆ نابێ ئەوەی دەیڵێم بە خەڵکی بڵێی.

دوکتۆر وەڵامی دامەوە: بە دڵنیاییەوە نا.

هەستام، گوڵەڕۆزێکی سپی لەوێ لەسەر مێزەکە بوو، چوومە لای مێزەکە و دەستم دایە و بە پەنجەرەکەمدا دا و هاتم دانیشتمەوە.

گوتم: پێم وایە چاکبوونەوەی دەسبەجێ باشترە. ئێستا لەسەر یەک تۆزێک نەخۆشم، جا ئێستا بچۆ ژنەکەمم بۆ بێنە.

بە بزەیەکەوە گوتم: بەڵام ئاااخ دوکتۆر، ئاخ کۆنە هاوڕێکەی خۆم، هەر بەڕاستی خۆش بوو.

سەرچاوە:

https://www.scribd.com/document/727756324/new-yorkers